# سیستەمی سەرۆکایەتی و چەند تێبینیەك

## شاخەوان شۆڕش

ئەوە سیستەمە سەرۆکایەتیەی بۆ باشوری کوردستان پەسندکراوە, تارادەیەکی زۆر وەکو سیستەمی سەرۆکایەتی ئەمەریکایە. شایانی گوتنە, ئەو سیستەمەی ئەمەریکا وەکو مۆدێلێکی کلاسیکیانەی سیستەمی سەرۆکایەتی لە زۆر شوێن لاسایی کراوەتەوە. دیارە مەرج نییە ئەو سیستەمە لە هەموو شوێنێکدا سەرکەوتوو بێت یا سەرکەتوو بووبێت, یا وەک خۆی بتوانرێ بەکاربهێنرێت. چونکە هەر شوێنە تایبەتمەندی خۆی هەیە.

لە گەلێ شوێن جۆرە سیستەمێکی سەرۆکایەتی لەلایەن ئێلیتی دەسەڵاتدارەوە سەپێندراوە و وەکو دەسەڵاتێکی مەرجئامێزی داسەپێنەر و نادیموکراسی درێژەی پێدراوە. وەکو بۆنمونە میسر, بێلەروس هتد. دیارە ئەگەر دەسەڵات بکەوێتە دەستی کەسانێکی نادیموکرات, ئەوا یاسای بنچینەیی هەرچی بێت و سیستەمی بەڕێوەبردن هەرچی بێت, کاری پێناکرێت و لەچەند لاپەڕە نوسراێک زیاتر هیچیتر نییە.

زۆر لەو وڵاتانەی لە قۆناغی گواستنەوە و سیستەم گۆڕیندان و ئەزمونیان لەگەڵ دیموکراسیدا نییە و بە ترادیسیۆن کەلتورێکی سەرۆکایەتی یا خێڵەکیان هەبووە, ئەوا بەئەگەری زۆر پەسندی سیستەمی سەرۆکایەتی دەکەن لە جیاتی پەرلەمانتاری. ئەوەش لەبەرئەوەی لەلایەک چوون بۆ سیستەمی پەرلەمانتاری (کە زیاتر دیموکراسیانەترە و دەسەڵاتی گەل بەرچاوترە), وەکو هەنگاوێکی گەورەیە بۆ ئەو جۆرە کەلتورانە[1], چونکە بەتایبەتی سەرکردەکان و ئێلیتی دەسەڵاتدار نایانەوێ هێندە لەپایەی خۆیان دابەزن. لەلایەکی دیکە سیستەمی سەرۆکایەتی دەکرێ ئێلیمێنتی بەرزکردنەوەی کەسایەتی سەرۆک بەسەر یاسا و گەلەوە بگرێتەخۆی و دەتوانرێ ڕێگەخۆشکەری چوون بەرەو دەسەڵاتێکی داسەپێنەر بێت.

سەبارەت بە سیستەمی سەرۆکایەتی ئەمەریکا, ئەوا سەرهەڵدانی پەیوەستدارە بە بارودۆخێکی تایبەت بە ئەمەریکای ئەو سەردەمە بەتایبەتی لە نێوان ساڵانی 1777 و 1787[2]. ئەمەریکا بەهۆی ناکۆکی و شەڕی نێوان بەشەستاتەکانی سەروو و خواروو, بەهۆی بەهێزیی بەشەستاتەکان و لاوازی سەنترال, بەمجۆرە بەهۆی بوونی هەڕەشە لە یەکێتی ئەمەریکا, دەسەڵاتداران و شارەزایانی ئەوسای ئەمەریکا بیریان لەوە کردەوە سیستەمێکی سەرۆکایەتی خاوەن سەرۆکێکی بەهێزی وەک پادشا بۆ وڵاتەکەیان دابڕێژن. ئەوان هەوڵیان بەمشێوەیە لەلایەک بەهێزکردنی سەنترال بوو, لەلایەکی دیکە سەربەخۆکردنی سەرۆک لە دەزگاکانی یاسادانان و بەڕێوەبردن بوو[3]. هۆکارێکی دیکە کە کاریگەری لەسەر پەیدابوونی ئەو جۆرە سیستەمە هەبوو, ئەمەریکا خاوەنی مێژوو و کەلتورێکی دێرینی خۆی نەبوو, بەجۆرێ وابکات دڵسۆزی خەلک بۆ لای وڵاتەکە ڕابکێشێ و بەتوندی بەیەکیانەوە گرێ بدات[4]. ئەوان بەشێوەیەک لە شێوەکان هەوڵیاندا ئەو بۆشاییە بە سەنترالێکی بەهێز و سەرۆکێکی بەهێز پڕبکەنەوە. شایانی باسە ئەوە تەنها کاتێک کرا, دوای ئەوەی لە جەنگی ناوخۆی ئەمەریکادا سەروو بەسەر خوارووادا زاڵ بوو, بەمجۆرە بەشەستاتەکانی خواروو کەوتنە ژێر ڕکێفی ئەوانەی سەروو.
هەر وڵاتێک لاسای ئەو سیستەمە دەکاتەوە, پێویستە لە ژینگەی پەیدابوونی سیستەمە ئەمەریکاییەکە ئاگاداربێت, بۆئەوەی ئەو دیاردانە نەگوازێتەوە کە لەگەڵ تایبەتمەندی وڵاتەکەی ئەوان ناگونجاوە, یان بە شێوەیەک لە شێوەکان لەگەڵ دیموکراسیەت و دەسەڵاتی گەل کێشەیان هەیە. هەروەها مەرج نییە ئەوەی لە یاسای بنچینەیدا نوسرابێت پەیڕەو بکرێت, بەتایبەتی خاڵ و برگەی ئەوها کە ناتوانرێ پراکتیزە بکرێن یا لەگەڵ شوێندا ناگونجاون. شایانی گوتنە, کەوا مەرج نییە ئەوەی لە سیستەمی ئەمەریکادا نوسراوە, دیموکراسیە یا باشە و پێشکەوتووە. ئەمەریکا وڵاتێکی دیموکراسیە, بەڵام کێشەی زۆرە, بۆنمونە سیستەمی سەرمایەداری ئەمەریکا میکانیزمێکی وای دروستکردووە کەوا ئەو پارتەی یا ئەو کەسەی پارەدار نەبێ ناتوانێ ببێتە سەرۆکی ئەمەریکا و ناتوانێ پێشبرکێ لەهەڵبژاردندا بکات, ئەوە وایکردووە سەرۆک هەمیشە لە چینە دەوڵەمەندەکانە. بۆیە ئەمەریکا باشترین ستاتی دیموکراسی لە جیهاندا نییە.

جگەلەوەی من چاوەڕوانی ئەوە ناکەم سەرکردەکانی کورد هەوڵدەن ئەو ئیلیمێنت و دیاردە نادیموکراسیانەی سیستەمی سەرۆکایەتی ئەمەریکا لابدەن. دیارە ئەو بارودۆخەی باشوری کوردستانی تێدا دەژی و پێیدا ڕەت دەبێت, تەواو جیاوازە لەوەی ئەمەریکا. جگەلەوەی کوردستان هێشتا سەربەخۆ نییە و زۆر بچوکترە لە ئەمەریکا, باشوری کوردستان خاوەنی کەلتور و تایبەتمەندیەکی زۆر جیاوازە. سەردەم و کات زۆر جیاوازن, هەروەها پێداویستی و مەبەستەکان یەک نین. بەئەگەری زۆر سەرۆکی بەتوانا لەهەر بارودۆخێکدا, لەهەر سەردەم و کاتێکدا و لەهەر شوێنێکدا بوونی پێویستە, گەر لەتوانادا هەبێت.

لە کوردستاندا دوو زلـهێزی بەدەسەلات هەن و هیچ کامیان لەوەی دیکەیان بەهێزتر نییە. بەهۆی هەڵسوکەوتی ڕکابەری ئێتنیئامێزی سەرکردەی ئەو دوو لایەنە, باشور تووشی دابەش بوون و کێشە کراوە. گومان لەوەدا نییە کە باشوری کوردستان پێویستی بەیەکبوون و یەکگرتن هەیە, ئەو ڕێگاچارەیەی هەردوو زلـهێزیش ئەگەرچی نادیموکراسیانەیە بەڵام "بەگوتنی خۆیان" بۆ یەکخستنی باشور کراوە. بەڵام ئایا ئەو ڕێکەوتنە بۆ هێنانی ئاشتی و دیموکراسی چەند یارمەتیدەرە, ئەوە داهاتوو پێمانی پیشان دەدات. بەواتایەکی تر ئەگەر ڕێکەوتنەکە خۆڕاگر بێت و سیستەمی پەسندکراو بتوانێ ماوەی چوارساڵی خۆی بەبێ کێشە تەواو بکات و پاشان ئاشتیانە هەڵبژاردن جێگای ڕێکەوتن بگرێتەوە, هەروەها لەو ماوەیەدا پاوانکردن و دەسەڵاتی داسەپێنەر و مەرجئامێز کۆتایی پێ بهێندرێت, ئەوا لەو ڕوانگەیەوە دەکرێ ئەو هەنگاوە ئەنجامێکی پۆزەتیڤی ببێت, ئەگەرنا ئەوا وەکو هەرجارێکی دیکە یاریەکەی کۆنەکەی جارانە و مەبەست پاراستنی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیانە.

دیارە بەباشترزانینی سیستەمی سەرۆکایەتی تاڕادەیەکی زۆر گونجاوە لەگەڵ کەلتوری پیاوسالاری و کۆنسێرڤەتیوانەی کوردستان بەگشتی و سەرکردەکان بەتایبەتی. بەڵام دەکرێ بگوترێت, ئەو سیستەمە لەو قۆناغەدا بۆ کورد گونجاوترە, چونکە بوونی سیستەمی سەرۆکایەتی و سەرۆکەکی بەهێز یارمەتیدەرە بۆ بەدیهێنانی داخوازیە نیشتیمانیەکان. بەڵام بەهەمان شێوە دەکرا لەبوونی سیستەمی پەرلەمانتاریدا ئەو ڕۆڵە بە سەرۆکی دەسەڵاتی بەڕێوەبردنەوە بسپێردرێ و ئەویش بە ئەرکی سەرۆکایەتی خۆی هەڵبستێت (نمونەی سەرکەوتوویی ئەو سەرۆکانە زۆرن). لەڕاستیدا ڕوانگەی بەرژەوەندی ناسیونالیستانەوە بەڵگەیەک بەدەستەوە نییە, ئەوە بسەڵمێنێت کە سیستەمی سەرۆکایەتی لە پەرلەمانتاری بۆ کوردستان باشترە. دیارە هەردوو دەسەڵاتی باشور جۆرە بەڕێوەبردنێکی سەرۆکایەتیان لە ماوەی دەسەڵاتیاندا پەیڕەوکردووە, کە تیایدا سەرۆک وەکو میر فەرمانی کردووە و پەرلەمانیش هیچ دەسەڵاتی نەبووە. ئەو جۆرە سیستەمە سەرۆکایەتیە نەبووە هۆی پیادەکردنی دیموکراسی و یەکخستنەوەی باشور لەڕابردوودا, بەڵکو بووەهۆی بەردەوامی دەسەڵاتی مەرجئامێز و داسەپێنەر و ڕەوتی پاوانکردن. بۆیە دەکرێ بەڵگە بۆ باشتربوونی پەرلەمانتاریزم وەکو ئەلتەرناتیڤ بهێنرێتەوە نەک بەپێچەوانەوە.

زۆرجاران دەکەوێتە بەرگوێ و دەگوترێت, بوونی سەرۆکێک بۆ بزوتنەوەی ڕزگاری کوردستان پێویستە و دەبێ بکرێت. ئەو بانگاشەیە لەلایەک تێکەڵکردنێکی کوێرانەی تێدایە, چونکە دوو قۆناغ تێکەڵ بەیەکتر دەکات. لەلایەکی دیکە دەیەوێ بڵێت سیستەمی پەرلەمانتاری سەرۆکی تێدا نییە, بۆیە سیستەمی سەرۆکایەتی باشترە, کە لەڕاستیدا ئەوە وانییە و لە سیستەمی پەرلەمانتاریدا سەرۆک هەیە و زۆر کاریگەرانە بەئەرکی خۆی دەتوانێ هەڵسێت. هەروەها لەبیرمان نەچێت باشوری کوردستان 14 ساڵە وەکو ستاتێکی دیفاکتۆ بوونی هەیە, ئەو دەسەڵاتەی بەڕێوەشی دەبات, لەسەر بنچینەی بەڕێوەبردنی ستاتەوەیە, نەک لەسەر بنچینەی بزوتنەوەیەکی ڕزگاری کە هێشتا دەسەڵاتی نەکەوتبێتە دەست. ئەوە جگەلەوەی دانانی سەرۆک بۆ بزوتنەوەی ڕزگاری زۆر سەختە, لەکاتێکدا و ئەگەر چەندین هێزی ڕکابەری بەهێز لە گۆڕەپاندا هەبن (بینیمان لە خەباتی شاخ ئەوە کاری نەکردە بوو و پاوانکردن پیادەکرا). بۆیە تێکەڵکردنی ئەو دوو بارە لەیەکتر جودایە باش نییە. ئەگەر زیاتریش بگەڕێینەوە دواوە و سەیری بوونی مەلا مستەفا بارزانی وەکو سەرۆکی بزوتنەوەی چەکداری ئەیلول بکەین, ئەوا بینیمان چارەنوسی بزوتنەوەکە بەچی گەیشت و ئێستاش دەرهاویشتە نێگەتیڤەکانی بارێکی قورسن بەسەر باشورەوە. بەکورتی لەڕابردوودا میرایەتی و سەرۆکایەتی ئەزموونی باشی بۆ بەجێ نەهێشتووین. هەرچۆنی بێت ئەو قۆناغەی ئێستای باشور خەباتی شاخ نییە, بەڵکو بەڕێوەبردنی هەرێمێکی ئۆتۆنۆمە, بۆیەش ئەو بەڵگە سۆزدارانەی بۆ بوونی سیستەمی سەرۆکایەتی دەهێنرێنەوە, بناغەیەکی بەهێزیان نییە و لاری لە فاکتە نەگەتیڤەکانی 14 ساڵی ڕابردوو و پێشتریش, واتە لە هەردوو قۆناغی پێشوودا دەکرێت.

سەبارەت بە دارِشتن و پەسندکردنی سیستەمەکە, لاموایە زۆرباشتر دەبوو ئەگەر سیستەمەکە بە بەشداری خەلَک, شارەزایان و هەموو پارتەکان و لە رِێگای رِیفەراندۆمێکدا پەسند کرابایە. بەمجۆرە پشتگیریەکی بەهێزی سەرتاسەری و بتەوی هەموو لایەکی وەردەگرت. مەرج نییە ئەوەی ئێستا سەرنەگرێ, بەلام مەترسی لەبەردەمی ئەگەری سەرگرتنی و سەرکەوتنیدا هەیە. چونکە سەپاندنی ئەو یاسایە بە رِێکەوتن و بەبێ پیادەکردنی پرۆسەیەکی گونجاوی دیموکراسیانە نادروستە.

## چەند تێبینیەک سەبارەت بە یاساکە[5]

هەندێ خالّ و برگە لە سیستەمەکەدا هەن کە بە شێوەیەک لە شێوەکان تێبینی و رەخنە هەلّدەگرن. هەولّ دەدەم ئاماژە بە هەندێکیان بکەم. ئەو تێبینیانە پەیوەندی بەوەوە نییە کێ سەرۆکە, بەلّکو ئەوە تەنها سەیرێکی رەخنەگرانەی یاساکەیە.

لە بەشی دووەمدا ئاماژە بە مەرجەکانی خۆ کاندیدکردن دەکرێت, ئەوە بەجۆرێکە کە پیاوخراپێکیش دەتوانێ خۆی بۆ سەرۆکایەتی کاندید بکات. دیارە دەبێ ئەو خۆکەندیدکردنە لەلایەن دەستەیەکی بالای هەلّبژاردنەوە پەسند بکرێت, بەلام ئایا ئەوەندە بەسە بۆ پێشگرتن بە کەسایەتیەکی رِابردوو خراپ بۆ سەرۆکایەتی. پێویست بوو لەژێر برگەی پێنجەمدا و لەتەک سێ مەرجەکەی دیکەدا, ئاماژە بە مەرجی پاکی رِابردوو و ئێستای کەسی کاندیدکراو بکرێت. ئەوە دەکرا لە چەند خالّێکدا کورتبکرێتەوە و لایەنەکانی بەرژەوەندی/ناپاکی نیشتیمانی و گەندەلّی بەرِێوەبردن و ساختەکاری بگرێتەوە. واتە دەبێ ئەو کەسەی خۆی کاندید دەکات رِۆژێ لە رِۆژان دژی بەرژەوەندی گەل نەجولابێتەوە, ناپاکی نیشتیمانی نەکردبێت, گەندەلّ و ساختەکار نەبووبێت هتد. بەلام وادیارە ئەوە بەپێویست نەزانراوە, هۆکەشی ئەوەیە, گەر ئەوەیان بکردبایە دەبوایە دەست لە سەرۆکایەتی خۆیان بشۆن.

برگەی شەشەم (مادەی شەشەم) ئاماژە بە مەرجەکانی دەنگدەر دەکات و ئاماژە بە یاسای هەلّبژاردنی ژمارە (**1**)ی **1992** دەکات, بەلام دەقی ئەو یاسایە نەنوسراوە. دەبوایە دەقی ئەو یاسایە بنوسرێت, چونکە خەلّک لێرەدا دەبێ بەناچاری بەدوای ئەو یاسایەدا بگەرِێن و رەنگە بەئاسانیش دەستیان نەکەوێت. ئەوە جگەلەوەی رەنگە هەر وازی لێبێنن و بە بێئاگایی بمێننەوە.

لە برگەی هەشتەم ئاماژە بەوە دەکرێت کەوا هەر کاندیدێک زۆرینەی سادەی بەدەست هێنا ئەوا سەرکەوتووە. زۆرینەی سادە[6] **simple majority** ئەو جۆرە زۆرینەیەیە کە پەسندی براوە دەکات, ئەگەرچی ئەوە لە نیوەی دەنگەکان کەمتریش بێت. چاکتربوو بەشداری بەلایەنی کەمی نیوەی دەنگدەران بکرێتە مەرج. چونکە بەشداری کەمتر لە نیوەی دەنگدەران بۆ هەلّبژاردنی سەرۆک قورسایی گونجاوی دیموکراسیانەی نییە. دیارە رِوودانی بارێکی ئەوها زۆر سەختە, بەلام بوونی ئەوە وەکو یاسا, پێشی بەو بارە دەگرت.

لەبەشی چوارەم, برگەی دەیەم, خالّی یەکەم ئاماژە بە مافی سەرۆک لە رەتکردنەوەی بەشێکی یا تەواوی یاسایەک دەکات. بەلام کە ئەو یاسایە گەرایەوە پەرلەمان ئەوا دوا بریار لای پەرلەمانە. چۆن و بە چ پێوەرێک؟ دەبوایە بەوردی چۆنیەتی بریار وەرگرتنەکە بنوسرێت, واتە بۆنمونە بنوسرێت پەرلەمان مافی هەیە بە زۆرینەی دەنگەکان بیکاتە یاسا. راستە ئەوە ئاماژە بەوە دەکات کەوا پەرلەمان خۆی سەرپشکە, بەلام وردەکاریەکە بنوسرێت چاکترە, ئەوەش بۆ پێشگرتن لە دروستبوونی لێکدانەوەی جۆراوجۆر. لە خالّی پێنجەم هەمان نمونە دووبارە دەبێتەوە و نازانرێ پەرلەمان بە چ پێوەرێک بریار پەسند دەکات.

لەو خالّەدا ئاماژە بە مافی سەرۆک (بەهاوبەشی لەگەلّ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکی پەرلەمان) لە بریاری یاسایی لەکاتی نائاساییدا دەکات, واتە ئەگەر پەرلەمان نەتوانێ لەبەر بارێکی نائاسایی کۆبێتەوە و بریار وەربگرێت. ئەگەری بەخراپ بەکارهێنانی ئەو خالّە هەیە و دەکرێ "باری نائاسایی" لێکدانەوەی جیای بۆ بکرێت. دیسان ئایا مەبەست لە بریارە بە تێکرای دەنگ, یا هەر "گفتۆگۆکردن و رِێکەوتنە" لەگەلّیان. باشتربوو ئاماژە بە تێکرای دەنگ بکرێت. هەر بریارێکیش درا, پاشان لەیەکەم کۆبوونەوەی ئەنجومەنی نیشتیمانی دەخرێتە بەردەم و پەسند دەکرێت یا رەتدەکرێتەوە.

ئەوە چ واتایەکی هەیە, ئەگەر ئەو بڕیارە سەری خەڵکی لەقوڕنا, ڕەتکردنەوەی پاشی چی؟ ئەگەر پەرلەمان دوای تەواوبوونی باری نائاسایی توانی کۆببێتەوە, دەکرێ ئەوە بۆ مێژوو باش بێت و وەکو ئەزموون سوودی ببێت.

لەبەشی چوارەم, بڕگەی دەیەم, خاڵی شەشەم دەڵێ سەرۆک مافی هەیە لێبوردنی تایبەت بۆ زیندانیان دەربکات (وەرگێرانەکەی کوردستانی نوێ نوسیتی بەپێی یاسا. ئەوە لە وەرگێڕانەکەی پەیامنێر نەنوسراوە). هەرچۆنی بێت, ئەگەر سەرۆک بۆ هەبێت لێبوردن بۆ زیندانیان دەرکات, ئەوجا ئەگەر بەپێ یاسایەکی تایبەت کە خۆی سەرچاوەی دروسکردنی بێت یا بەبێ بوونی یاسایەکی تایبەت, ئەوە دەکرێ بە ئیلیمێنتەکی تاکڕەوی و پادشایانە دابنرێت. ئەو جۆرە دەسەڵاتە بنکۆری دەسەڵاتی داد دەکات و دەسەڵاتی گەل پوچەڵ دەکاتەوە. ئەوجا سەرۆکی ئەمەریکاش ئەو مافەی هەیە یا لەوڵاتی دیکە ئەوە پیادە دەکرێت, ئەوە لەو ڕاستیە ناگۆڕێت, کەوا ئەوە تاکڕەویە و بەرزکردنەوەی سەرۆکە بەسەر دەسەڵاتی داد و دڵنیایی داد لەکۆمەڵگەدا. بۆنمونە سەرۆکی پێشوی ئەمەریکا بیل کلینتۆن بەچەند هەفتەیەک بەر لە تەواوبوونی ماوەی سەرۆکایەتیەکەی, بڕیاری لێبوردنی بۆ نزیکەی 100 سەد زیندانی دەکرد. ئەوانە هەمووی خەڵکی ساختەکار و تاوانبار بوون. کلینتۆن بەو شێوەیە زڕتێکی گەورەی لە دەسەڵاتی دادی ئەمەریکا هەڵکێشا, ئەوە جگەلەوەی بە ملیۆن دۆلار کە لە پڕۆسەی دادگاییکردنی ئەوانە خەرج کرابوون لەگەڵ ماندووبوون و کات کوشتنێکی زۆرەوە هەمووی بەخۆڕایی ڕۆیشتن و بەمشێوەیە دەسەڵاتی دادی کۆمەڵگە پووچەڵ کرایەوە.

ئەگەر مەبەست لە بڕیاری لێبوردن بەپێی یاسا ئەوەیە, کەوا سەرۆک تەنها وەکو جێبەجێکەرێکی سیمبۆلی بڕیارێکی یاسایی دەزگای دادوەری هەڵدەستێت و هیچ کاریگەریەکی بەسەر بڕیارەکەوە نییە, ئەوە شتکێی دیکەیە و لەم بارەدا سەرۆک بە ئەرکێک هەڵدەستێت کەپێی دەسپێردرێت.

خاڵی حەفتەم, بەهەمان شێوە دەسەڵاتێکی تایبەت دەداتە سەرۆک کە دەتوانێ بڕیاری لەسێدارەدان بسەپێنێت یا کەمیکاتەوە بۆ زیندانی هەمیشەیی. ئەوە دیسان ئیلیمێنتەکی پادشایانەیە لە سیستەمی سەرۆکایەتی هەڵکێشراوە. پێویستە دەسەڵاتی دادگای باڵا ئەو دەسەڵاتەی هەبێت نەک سەرۆک, دەسەڵاتی دادگای باڵاش نابێ بەبێ بەڵگەی پشت ئەستور و تاوتوێکردنێکی بنەڕەتیانە بتوانێ ئەو بڕیارە بدات.

خاڵی هەشتەمی هەمان بڕگە, ئاماژە بە مافی سەرۆک لە ڕاگەیاندنی باری نائاسایی بەپێی یاسایەکی تایبەت دەکات. باش دەبوو ئەگەر بنوسرابا ئەو بارانە چین کە بە "نائاسایی" دادەندرێن, چونکە نەنووسینی دەرگا بۆ فراوانکردنی چەمکەکە دەکاتەوە.

خاڵی دەیەمی هەمان بڕگە دەڵێت, سەرۆک بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی نیشتیمانی هەرێم دەتوانێت ڕێگە بە هاتنی هێزی سەربازی حکومەتی فیدراڵ بدات. بەپێی چ جۆرە زۆرینەیەکی پەرلەمانی هەرێم؟ دەبوایە ئەوە بەڕوونی و ووردی بنوسرێت. شایانی باسکردنە, ئەوەی لەمبارەیەوە گرنگترە ئەوەیە ئایا بنچینەیاسای ئێراقی چۆن سەیری ئەو بابەتە دەکات و لەوێ چۆن بڕیاری لەسەر دەدرێت. ئایا دەنوسرێت سوپای ئێراق ناتوانێ بەبێ پەسندمەندی پەرلەمانی هەرێم یا سەرۆک ناتوانێ بچێتە ئەوێ؟ یا وەکو ئەوەی هیندستان دەنوسرێت: بەبێ پەسندمەندی سینات و پەرلەمان میری سەنترال بۆی هەیە لەباری نائاساییدا سوپا بۆ ناوچە فیدرالەکان بنێرێت[7]؟ لەمبارەیەوە دەبێ دەسەڵاتدارانی کورد ئەوە لە بنچینەیاسای ئێراق مسۆگەر بکەن, ئەوە گرنگە. واتە ئەوان دەبێ هەوڵی ئەوە بدەن نەهاتنی سوپای فیدراڵ بەبێ تەبامەندی پەرلەمانی کوردستان لە بنچینەیاسای فیدرالیدا مسۆگەر بکەن.

بۆخاڵەکانی پازدەهەم و شازدەهەم هەمان تێبینیم هەیە کە سەبارە بە خاڵی شەشەم و حەفتەم لەسەرەوەدا ڕوونم کردەوە. واتە جێبەجێکردنی ئەو ماف و ئەرکانە تەنها کاتێک گونجاوە, ئەگەر دەزگا تایبەتمەندەکان بەبێ کاریگەری سەرۆک ئەو بڕیارانە وەرگرن و سەرۆک بە ئەرکی پێ سپێردراو هەڵسێت نەک خۆی لە پشتی بڕیارەکان بێت.

بەکورتی ئەو یاسایە لەهەندێ خاڵدا پێویستی بە زیاتر ڕوونکردنەوە و دیارکردنی وردتر هەیە, هەروەها ئیلیمێنتی وای تێدایە کە یاساییانە ڕێگای تاکڕەوی دەسەڵاتی سەرۆک دەدەن.

ئەو تێبینیانەی سەرەوە سەیرکردنێکە لەڕوانگەی دەسەڵاتی گەل, کۆمەڵگەی داد و دیموکراسیەوەیە و تەنها سەبارەت بە تێکستی یاساکەیە. دیارە کاتێک گرنگیان زیاتر دەبێت, ئەگەر دەسەڵاتێکی دیموکراسی لەسەر کار بێت و پەرلەمانیش خاوەنی دەسەڵات بێت.

بەڵام ئایا ئەو یاسایە لەو بارودۆخەی ئەمڕۆی کوردستاندا, چەند دەتوانرێ پیادە بکرێت یا چەند گرنگی پێ دەدرێت, ئەوە بابەتێکی دیکەیە.

---

[1] Arend Lijphard (2004), Constitution for Devided Society, in *Jornal of Democracy*, vol. 15, no. 2.-102 105

[2] King C. Wheare (1963), *Federal Government*, Oxford University Press , pp. 4.

[3] William H. Riker (1975), *Federalism*, Boston-Toronto, pp.101.

[4] Thomas Hylland Eriksen, 1996, *Kampen om fortiden*, Otta, pp. 72.

[5] یاساکە بە عارەبی بووە و لەلایەن سایتی پەیامنێر و ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ کراوەتە کوردی. جیاوازی لە نێوان ئەو دوو وەرگێڕانەدا هەیە. پەیامنێر دوو بڕگەی یاساکەی لەبیرکردووە و لە مادەی نۆیەم, بەشەی شەشەم ووشەی "بەپێی یاسا" ی نەنوسیووە. نازانم دەقەکە خۆی چۆن نوسراوە, بۆیە ئەوەی لێرەدا گوتراوە بەپێی ئەو دوو وەرگێڕانەیە.

[6] *Leksikon i Statskundskab*, 1997, Akademisk forlag, Denmark, pp. 53.

[7] Alfred Stephan, (2001), *Arguing Comparative Politics*, Oxford University Press, (”Toward a New Comparative Politics of Federalism (Multi)Nationalism and Democracy: Beyond Rikerian Federalism”) pp. 348.